بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

إن الحمد لله نحمده ، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا اله الا الله وحده لاشريك له ، وأشهدأن محمدًا عبده ورسوله، أما بعد:

## دڵداری یان خۆشەویستی

ئیمرۆ خۆشەویستی دیاردەیەکە کە لەسەر زاری گشت گەنج و لاو بەتەمەنەکانیشدا دەبیستڕێن ، خۆشەویستی ووشەیەکە کە دوو واتای تاڕادەیەك جیاواز لەخۆ دەگرێت کەئەویش بریتیە لە :-

1- **خۆشویستن (خۆشەویستی)** 2- **دڵداری**

بەڵام ئێستا لەوە دەچێت کەسێك بڵێت ئەم دوو ووشەیە هەر یەك شتن و چ جیاوازیەکیان هەیە ؟

1- **خۆشویستن (خۆشەویستی)** :- زۆر جار ئەم ووشەیە کەباسی لێوە دەکرێت هەر کەسە بەپێی ئەو کات و شوێن و بارودۆخەی کە تیایدایە بیری لێدەکاتەوەو پێناسەیەکی بۆ دادەنێت . بەڵام لەڕاستیدا خۆشەویستی بەواتایەکی گشتی بریتیە لە هەموو ئەو خۆشەویستیانەی کە لەبەر خاتری خوای گەورە بێت وەك خۆشەویستی بەندە بۆ خوای گەورە یان بۆ پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەربێت) یان بۆ هاوەڵان و پیاوچاکان و دایك و باوك و نیشتیمان خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو ...هتد .

2- **دڵداری** :- ئەمیش هەرخۆشەویستیە بەڵام لە نێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا کە نامەحرەم بن بەیەکتری ، هەرچەندە ئەمە زۆر جار بەهەڵە بەکار هاتووە و بەکاردەهێنرێت بۆ خۆشەویستی نێوان بەندەو خوای گەورە یان هەر شتێکی تر وەك ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کرد ، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ووشەیە تەنها بەواتای خۆشەویستی دێت لەنێوان کوڕ و کچێکدا بەشێوەیەکی ڕێگە پێنەدراو لە ڕووی شەرعەوە .

٭ کەواتە دڵداری بەشێکە لەخۆشەویستی بەڵام بەڕێگەیەکی خراپ ، بەڵام خۆشەویستی ناتوارێت پێی بوترێت دڵداری .

٭ کەواتە بەکورتی دەتوانین بڵێین خۆشەویستی بەو واتایەی (خۆشەویستی بەندەکان بۆ خوای گەورەو پێغەمبەران و هاوەڵان دایك و باوك وخوشك و برا ...... هتد ئەمە کارێکی ڕێگە پێدراوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەرگری لێدەکات و فەرمانی پێ دەکات. بەڵام دڵداری خۆشەویستی بەینی کوڕو کچێکە بەڕێگەیەکی ناشەرعی کەئاینی پیرۆزی ئیسلام نەهی لێدەکات .)

- ئێستا پێدەچێت یەکێك بپرسێت ئەی ئەگەر بەشێوەیەك پاك دڵداری بکەیت ؟

+ بەڵام ئێمەش لەوەڵامی ئەو بەڕێزەدا دەڵێین ئایا چ پاکیەك لەو دڵەدا هەیە کەبێ فەرمانی خوای گەورەی تێدابێت ، کەکاتێك خوای گەورە لەوەصفی ئیماندارانەدا دەفەرمووێت:- (وَلاَ مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ)(النساء / 25) یان (وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ)(المأدة / 5) **وەمانای** (لاَ مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ) واتە هاوڕێ و دۆستیان بۆخۆیان دیاری نەکردووە (بەشاروە بێت یان بەئاشکرا) ، ، وە هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرمویێت (لاتقربوا الزنی) واتە (نزیکی زینا مەکەون)

**٭ ئەی بۆچی نافەرمویێت زینا مەکەن ؟**

چونکە دڵداریکردن نزیك کەوتنەوەیە لەزینا و دەرگایەکە لەدەرگاکانی شەیتان کە بانگت دەکات تا لەو دەرگایەوە بەزینا ئاشنات بکات ، چونکە ئەگەر شەیتان ڕاستەوخۆ بەیەکێك بڵێ زینا بکە ئەوا ئەوەندە بەئاسانی ناچێت بەدەم بانگەوازەکەیەوە و سڵی لێدەکاتەوە ، بەڵام خۆ ئەگەر بانگەشەی بکات بۆ دڵداری ئەوا زۆر ئاسان تر بەدەمیەوە دەچێت و بە گوناهی نازانێت بەنەزانی و داماوی شوێنی دەکەوێت ، ئەم کارەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشەو مەشاکیل لەناو خەڵکیدا و بەتایبەتیش چینی گەنجان کە بونەتە سوتەمەنی ئەم کارە بەدفەرە لە نێو کۆمەڵگەدا ، لەم بارەیەشەوە ڕۆژانە چەندین چیرۆکی زۆر دڵتەزێن دەبیستین کە بەهۆی ئەم کارە ڤێزەونەوە تووشی گەنجان و لاوانی میللەتەکەمان هاتووەو بەرەو هەڵدێری بردوون بەناوی دڵداری پاکەوە و پاشان کاریان گەیشتووە بەزیناو چەندین کاری ناهەمواری تر ، وە هەروەك دەزانین زۆربەی جاریش ئافرەتان باجی گەورەی ئەم کارە دەدەن لەو ئایەتەی سەرەوەشدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا کچ بۆی نیە برادەرو دۆستێکی کوڕی هەبێت کاتێکیش خوای گەورە ڕێی پێ نەداوە حیکمەتێکی تێدایە ، چونکە کچ خاوەن سۆز و هەستێکی بەرزە و گەر کەوتە ناو پەیوەندییەك لەگەڵ گەنجێك و ئەم گەنجە خەڵەتاندی و پەیمانی پێ دا کەوا ببێتە هاوسەرێکی باش بۆی و کچەکەش پێی ڕازی بوو وە پاشان ئەو کوڕەکە خەڵەتاندی پاشگەز بوویەوە لە پەیمانەکانی و (لەوانەشە تۆڵەو زیانێك بگەیەنیت بە کچەکە ) لێرەدا کاریگەرییەکی زۆر خراپ دەکەوێتە سەر کچەکە و برینێکی قوڵ بەجێ دێڵێت لە دەرونیدا کەوا زەحمەتە سارێژ ببێتەوەو تووشی کێشەو ڕوخاندنی دەکات ، وە خوای گەورە لە خۆمان زیاتر بەرژەوەندی و سودی ئێمەی دەوێت وەك لە خۆمان ، بۆیە پێویستە پابەند بین بە فەرمانەکانی و خۆمان دوور بخەینەوە لە قەدەغەکراوەکانی و ئامانجمان ڕەزامەندی خوا بێت پێش هەموو شتێك ، لەبەرئەوە کاتێك کەئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگیری کارێکمان لێدەکات لەبەر قەزانجی خۆمانە چونکە ئیسلام خوای پەروەردگار خۆی ناردویتی ، وەهەرخۆشی دەزانێت چی چاکەو چی خراپە بۆمان بۆیە لەو ئیسلامەدا کەبەرنامەی ژیانە زۆر بەجوانی هەموو شتێکی بۆ دیاری کردووین تاوەکو بەڕێگەی خراپ و دژواردا مل نەنێین و بەرچاومان ڕوناك بێت .

هەرچیەك کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەیفەرموون پێویستە بڵێین بەسەرچاو و لێی لانەدەین ، لەبەرئەوە پێویست ناکات

خۆمان بخەڵەتێنین و کۆمەڵێك تەئویلی بێبنەمای بۆ دابنێین بەناوی (دڵداری پاك ، یان دەمەوێت بیناسم و لبێی تێبگەم پاشان زەواجی لەگەڵدا بکەم و چەندین هۆکاری تری بێبنەما ......) بێگومان ئەمانە هەمووی بیانوون و هیچ فیطرەتێکی پاك ئەمانە بەڕاست نازانێت .

- پێدەچێت کەسێك بڵێ نەخێر کاکە جەنابت زۆر توندڕەویت و ئەمە هیچ وانیە ...! من فیطرەتم زۆر پاکەو ئەم کارەش بەکارێکی زۆر باش دەزانم .!

+ بەڵام ئێمەش پێی دەڵێین زۆر باشە ئەزیزم من پرسیارێك لە تۆ دەکەم ، ئایا ئەو کارەی کە تۆ ناوی لێدەنێیت دڵداری پاك یان هەرناوێکی تر کەجەنابت زۆر بەباشی دەزانیت ، ئەگەر ببینیت مامۆستایەکی بەڕێز کە لەمزگەوت دێتە دەرەوە هەمان ئەو کارەی تۆدەکات یان هەرکەسێکی تر (حاجییەك ، گەنجێکی مسوڵمان کەزۆربەی کاتەکانی لەگەڵ عیبادەتدا دەباتە سەر ، ...) ئایا ئەو کاتە تۆ بەرامبەر ئەو چی دەڵێیت ؟؟؟

ئایا یەکسەر بەبینینی ئەو حاڵەتە لۆمەی ناکەیت بەوەی ( **سەیرکەن ئەوە مەلاکەیە** ، **حاجییەکەیە** ، **ئیسلامییەکەیە** ، ...) دڵداری دەکات . کەواتە تۆش ئەو کارەت بەتاوان زانی بۆ ئەوان ، بەڵام بزانە بۆ تۆش هەمان تاوانە کە خۆت هەستی پێناکەیت . کەواتە ڕاستت کرد کەوتت فیطرەتم زۆر پاکە چونکە تۆش بەبینینی ئەو کارە زانیت تاوانە ، بەڵام شەیتان ئەوەندە ئەو کارەی لاجوان کردوویت کە بۆ خۆت بە تاوانی نازانیت .

لەبەرئەوە باش بزانە کاتێك کە خوای گەورە ئیسلامی ناردووە بۆ گشت خەڵکی ناردووە بێ جیاوازی ، کاتێك کە شتێك حەرام کراوە ئیتر بۆهەموو خەڵکی حەرامە تارۆژی دوایی وە شتێکیش کە ئیسلام بەحەڵاڵی دانەوە ئیتر بۆ هەموو خەڵکی حەلاڵە تارۆژی دوایی ، بەبێ هیچ جیاوازییەك لەنێوان خەڵکی دا هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ )(الحجرات:13) واتا (ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروست کردووە و کردومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆرەوجۆر ، تایەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بەیەکەوە .. بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لەخوا ترسەو فەرمانبەرداری خوایە ، بێگومان خوا زانا و ئاگایە بەهەمووان ) . وە ئەگەر کەسێکیش دەڵێت دڵ حسابە من بەپاکی دەیکەم . ئەوا وەك لەپێشتریش باسمان لێوە کرد و ئێستاش دەڵێین بەڕێزم دڵێك پاکە کەزیکری خوای تێدابێت (الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ)(الرعد: 28) واتە (ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵ و دەرونیان ئارام دەبێت بە قورئان وپەیامەکەی خوای پەروەردگار ، ئاگاداربن دڵەکان : هەربەقورئان و یادی خواو پابەند بوون بە ئاینەکەیەوە خۆشنود دەبن و دەحەوێنەوە) .

⋆ وە بێگومان بەڕێزیشت ناتوانیت ڕەگەزی بەرامبەرت تاقی بکەیتەوە بە دڵداری تاوەکو بزانیت ئەو کەسە چۆنە ، شکڵی چۆنە ، ڕەفتاری چۆنە ، مامەڵە کردن و گوفتاری چۆنە ؟

چونکە هەروەك دەبینین زۆر جار ژن و پیاوێکی بەڕێز ماوەی چەند ساڵ ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە ئێستاش نەیانتوانیوە بەباشی لەیەکتری تێبگەن ، ئێستا تۆ دەتەوێت بەتێپەڕکردنی چەند کاتێك لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرت بەدڵداری و دوور لەفەرمانی خوای گەورە لێی تێبگەیت ! بەمەی تۆ دەیکەیت بێگومان ناتوانیت ڕەگەزی بەرامبەرت وەك و خۆی بناسیت . چونکە تۆ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرتدا کاتێك لە مەوعیدێکدا دەتانەوێت یەکتر ببینن ، پێش وەخت ئایا چۆن خۆتی بۆ ئامادە دەکەیت ، هەر لە لەبەرکردنی جل و بەرگەوە تادەگاتە بەکارهێنانی خۆشترین عەتر و جوانترین شێوازی قسەکردن ، هەریەکێتان هەوڵ دەدات بەباشترین شێوە خۆی برازێنێتەوەو بەباشترین شیوە قسە بکات ، تا کەسی بەرامبەری لێی ڕازیبێت ، بەڵام کاتێك ئەگەر خوای گەورە چارەنووسی ئەو دووانەتانی بەیەك گەیەند ئەو کاتە چی ؟ ئایا دەتوانن هەمیشە وەك جاران خۆتان بۆ یەکتر برازێننەوەو خۆتان بۆن خۆش بکەن و بەجوانترین ووشە لەگەڵ یەکتردا بدوێن؟ یان بەیەکجار هەموو شتێك کۆتایی پێدێت و هەریەکەتان رووی ڕاستەقینەی خۆی و شێوازو ڕەفتاری ڕاستەقینەی خۆی نیشان دەدات (بەڵام هەریەکە لەئێوە کاتێك کە پێکەوە دڵداریتان دەکرد دوو کەسیەتی زۆر جیاواز بوون ، بەڵام ئێستا هەریەکەتان زۆر بەغەریبی تەماشای یەکتر دەکەن وەك ئەوەی لەوەو پێشتر بەهێچ شێوەیەك یەکترتان نەناسی بێت).

⋆ ئایا ئەو کاتە هەستی هەریەکە لەو دووانەتان چۆن دەبێت ؟

⋆ دەبینین هەر عەقڵێکی خاوەن هۆش و بیروباوەڕێکی تەواو کە ئەمانە لێك بداتەوە پێی قبوڵ ناکرێت ، چونکە دەزانیت ئەمانە هەمووی گاڵتەکردنە بەعەقڵ و ژیری خۆی .

⋆ ئەی کەواتە ئەم دوو هاوسەرە چۆن دەژین و بیرکردنەوەیان چۆن دەبێت بەرامبەر یەکتر ؟

⋆ ئایا هەریەکەیان گومان لەویتریان ناکات کەخیانەتی لێبکات کەکاتێك بۆماوەی چەند خولەکێك لەیەکتر دوور دەبن ، لەبەرئەوەی ئەم ماوەیەك لەمەوپێش دڵداری لەگەڵ خۆیدا دەکرد ئێستا چۆن قناعەت بەوە بکات کەئێستاش لەگەڵ کەسێکی

تردا هەمان کار ناکات ، کاتێك هەردووکیان پێشتر لەسەر ئەم کارە نارەواو ناشیرینە ڕاهاتوون ، یان چۆن بڕوا بەیەکتر بکەن کە لەپێشتردا کە هەریەکەیان لەگەڵ کەسێکی تردا نەبوون . دڵداری سیفەتێکی زۆر خراپی هەیە کە زۆر نزیك بینە ، وە تەنها ڕوکەش دەبینێت ، بۆیە کاتێك کەسێکی جوانتر دەبینێت یەکسەر بەرەو پیری دەڕوات و ئەوی تر لەیاد دەکات ، کەواتە ئاگادار بە کە خوای گەورە ڕێگیری کارێکت لێدەکات بۆ ئازاردانی تۆ نیە بەڵکو بۆ خۆش بەختی تۆیە چونکە خوای گەورە خۆی دەزانێت خێر لەچیدایە .

★ بەڵام لەوە دەچێت یەکێك ئێستاش زۆر ئینکار بێت لەسەر ئەوەی کە ئەم زۆر بەپاکی ئەو کارە دەکات و دەیەوێت لە داهاتوودا ژیانی هاوسەری لەگەڵدا دروست بکات .

ئیتر زۆر بێ ئاگایە لەوەی کە ئەم بۆ ئەو کارە پەنای بردۆتە بەرکردنی تاوانێکی تریش کەئەویش بریتیە لە تاوانی نەزەرکردن کەپێغەمبەری مەزن ﷺ دەفەرموێت (نەزەر تیرێکە لە تیرەکانی شەیتان) ئێوەش بەردەوام دەبن لەسەر کردنی ئەو کارە و بەبەردەوامی لەتاوان و گوناهدا دەژین و تائەو کاتەی دڵت تروسکایی ئیمانی تێدا نامێنێتەوە بەهۆی ئەو هەموو تیرەی شەیتان کەبەبەردەوامی دەینێت بەدڵتەوە . ئەزانیت ئەم کارەی تۆ وەك چی وایە ؟ وەك ئەوەی تۆ بەرامبەر خوای گەورە بوەستیت و بڵێیت خوایە تۆ نالێی ئەو کارە مەکە ئەوا من دەیکەم ، من بەگوێی تۆ ناکەم ، دژایەتیت دەکەم ، زۆر بێ ئاگاشی لەوەی کە خوای گەورە تۆ و خۆشەویستەکەشتی دروست کردووەو هەرئەو دەتان ژیێەنێت و دەتان مرێنێت و پاشانیش زیندووتان دەکاتەوەو سزای هەموو ئەو کارەنەتان دەداتەوە (خوای گەورە پەنامان بدات) ، وە لەسەر دروست کرەوەکانی ئەو دەگەڕێیت و دەژیت و دەخەویت و لەدروست کراوەکانی ئەو دەخۆیت و دەخۆیتەوە , چەندەها نیعمەتی تریش کە بەهەریەکێکمانی بەخشیوە خۆ ئەگەر تەنها یەك نیعمەت لەنیعمەتەکانیت لێ وەربگرێتەوە ئەو کاتە چی دەکەیت ئەی دڵدارەکەت دەتوانێت چارەسەرت بکات و ئەونیعمەتەت پێ ببەخشێتەوە کە خوای گەورە لێی وەرگرتویدەتەوە ؟

★ بێگومان ئاگاداریش نیت لەوەی کە لەچارەنوسی تۆ یان دڵدارەکەتدا چی هەیە؟ ئایا چارەنوسی ئێوە بۆ یەکترە؟ کەوا دەڵێن ئێمە بەشێوەیەکی پاك دڵداری دەکەین و دەمانەوێت لە داهاتوودا بۆ یەك بین ، یان دەزانن خوای گەورە چەندێك تەمەنی بەهەریەکەتان بەخشیوە تا باس لە داهاتوو دەکەن و بەتەمان لەداهاتوودا بۆ یەك بن.

★ یان زۆر جار دەبینین دوو کەس کە زۆر یەکتریان خۆش دەوێت ، پاش ماوەیەکی زۆر بەشێك لەتەمەنیان لەبێ ئەمری خوای گەورە بەناوی دڵداری پاك یان هەرناوێکی تر بەسەر دەبەن ، کەبێ ئاگان لەوەی کە گوایە تەمەنی ئەوان بەشی ئەو هەموو بێ ئاگاییە دەکات یان نا؟ بەڵام کاتێك دەزانین کە یەکێك لەم دووانە لەپڕ زەواج دەکات ئیتر لەبەر هەر هۆکارێك بێت ، بەزۆر لەلایەن کەس و کاریەوە یان تێکچوونی نێوانیان یان هەر هۆکارێکی تر ، پاشانیش دەڵێت والله زۆر بێوەفا بوو من بۆ ئەو وابووم و وام کرد بەڵام ئەو وانەبوو، بەڵام نازانێت لە هەموو کەس بێوەفاتر خۆیەتی کە پشتی لەفەرمان و ڕێنماییەکانی خودا و پێغەمبەرەکەی کردووە ، خوایەك کە هەموو کارێکی زەوی و ئاسمانی لە دەست دایە و هەرخۆی ڕۆژی دەرەو وە هەر خۆی چارەنوسی مرۆڤەکان دیاری دەکات . **بۆیە پێویستە لەسەرمان لە خوا بترسین و سنورەکانی خوای گەورە بپارێزین ، خوای گەورەش** دەفەرموێت (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ)( الطلاق : 2-3) واتە گەر کەسێك لە خوا بترسێت و لەترسی خوا کارێك ئەنجام نەدات ئەوا خوایگەورە دەرگایەکی بۆ دەکاتەوەو ڕزگاری دەکات و هەروەها بەشێوەیەك ڕزقو ڕۆزی پێ دەبەخشێت کەوا ئەو کەسە خۆی پێی سەیربێت .

بێگومان ئەم باسەش زۆر لەمە زیاتر هەڵدەگرێت کە لێوەی بدوێم ، بەڵام هیوادارم کەشوێنی خۆی گرتبێت و خەڵکی لێی سودمەندبن و ببێتە هۆی ڕەزامەندی خوای پەروەردگارو پاشانیش ببێتە هۆکارێك بۆ هۆشیارکردنەوەی هەموو ئەو گەنجە بەڕێزانەی کە لەم ڕاستیانە تێنەگەیشتوون . ئەمەش چەند چیرۆکێکی ڕاستیە بۆ ئێوەی خۆشەویست بە ئومێدی ئەوەی زیاتر بەرچاو ڕوون بن .

**چیرۆکی یەکەم//**

**پەشیمانم**

من کچێکی تەمەن بیست و سێ ساڵم, باری دەروونیم زۆر خراپە بەهۆی هەڵس و کەوتە هەرزەکانم چونکە بایەخم بۆ هیچ شتێك دانەدەنا, دان دەنێم بە تاوانەکەم کە زیادە ڕەویم کرد تا لەدەریایی پەشیمانی خنکام.. مردنی باوکم بۆشاییەکی گەورەی دروست کرد لە سۆز و دەروونمدا, تا ناچار بووم پەنا ببەمە بەر ئینتەرنێت ,خۆمم پێوە سەرقاڵ دەکرد بۆ ئەوەی خۆم دەربازکەم لەو خەم و خەفەت و بێ ئاگایی یە کە مردنی باوکم دروستی کردبوو.لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە چەند کورو کچێکم ناسی, ڕۆژانە جەندەها کاتژمێر لەگەڵیان قسەم دەکرد, وە زۆری پێ نەچوو گەنجێکم ناسی,خەڵکی شارێك بوو نزیك بوو لەشارەکەی خۆمەوە .گفتوگۆو راوێژمان زۆر دەکرد, هەرچەند رازی نەبووم بەڵام دوای داواکردنێکی زۆر ژمارەی مۆبایلەکەمی لێم وەرگرت, پاش ئەوە زۆر تەلەفۆنی بۆ دەکردم وە زۆر داوای چاوپێکەوتنی دەکرد لەگەڵمدا, لە پێشدا رازی نەبووم بەڵام بۆم دەرکەوت سوورە لەسەر بینینم, بۆیە لەشوێنێکی گشتی چاومان بەیەکتر کەوت, وەپاش ئەوە چاوپێکەوتنەکانمان زۆر بوو. وە هەر لەو ماوەیەدا گەنجێکی دیم ناسی.. زمان شیرین و

شارەزا بوو لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت, هەرشتێکم نەزانیبایە فێری دەکردم.. پەیوەندیەکانمان زۆربوو و پاشان داوای ژمارەی تەلەفۆنی لێ کردم.. پاش هەندێ دوودڵی ژمارەکەم داپێی و پێکەوە ڕۆشتینە دەرەوەو ئەوەی کە لەنێوان هەموو کورو کچێك ڕوودەدا ئەگەر پێکەوەبن لەنێوان ئێمەش ڕووی‌دا . ئەمە بوو بوو بەپیشەم بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت و بزانم چی بەخۆم دەکەم؟! باوەڕبکەن نەمدەزانی ..پاشان ئاشنایەتیم پەیداکرد لەگەل گەنجێکی دی, ئەمەیان جیاوازتر بوو چونکە هەستم بەخۆشەویستی کرد لەگەڵی لەکاتێکدا ئەو دوو گەنجەی پێشوو بەبرای خۆمم دەزانین, حاڵ و هەواڵیانم دەبیست.. هاوکاریانم دەکرد لەچارەسەرکردنی کێشەکانیان.. بەم شێوەیە پەیوەندیم بەردەوام بوو لەگەڵ ئەو سێ گەنجەدا تا خوشکەکەم ئاگادار بوو و پێمی زانی و ئامۆژگاری کردم کە پەیوەندیم بپچڕێنم لەگەڵیاندا, منیش پەیمانم پی دا بۆ ئەوەی بێ دەنگ بێت و بە ماڵەوەمان نەڵێت. لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار گەنجێکی زۆر باش هاتە خوازبێنیم.. دڵخۆش بووم چونکە ڕێگای دەربازبوونم بۆ کرایەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە پەیوەندی یەکانم بێنم.. ڕازی بووم و نیشان کرام و دوا ێی داوام لەسێ هاورێکەم کرد کەوازم لێ بێنن و پەیوەندیم پچڕاند لەگەڵیان. دوانیان ڕازی بوون و وازیان هێنا بەلاَم گەنجی یەکەم پێی خۆش نەبوو کەوازم لێبێنێت ,دەستی کرد بەچاودێری کردنی ئیمێڵەکەم, و نامەکانی خۆم و ئەو دوو گەنجەی تر کە دەیانناردبۆم هەمووی چاپ کرد و بەپۆست ناردی بۆ ماڵەوەمان, کە چاوم پێیان کەوت وەخت بوو دڵم بووەستێ و بمرم, بەپەلە هەموویانم سووتاند لەترسی ئەوەی نەکەوێتە ژێر دەستی خۆشەویستەکەم کەزۆر خۆشم دەوێت و خۆشی دەوێم چونکە بەمە بزانێ وازم لێ دێنێت و هەست بەتاوان دەکەم گەر ئەو پەیوەندیانەم لێی بشارمەوە.ئێستاش لە ترسێکی گەورەدا دەژیم, هەرکات گوێم لە زەنگی تەلەفۆن یان مۆبایل بێت یان کاتێك نامەیەکم بۆ دێت, ناتوانم بەخێزانەکەم بڵێم و هەست دەکەم کە ئەوان بەو پەیوەندیە هەرزانەم هەستیان کردووە.. زۆر ماندووم ئاوات بەمەرگ دەخوازم.. هەست دەکەم شایستەی کارەکەم نیم کە مامۆستایە. و جێگای متمانەی خێزانەکەم نیم.. پەشیمانم.. پەشیمانم.. پەشیمانم ..تکاتان لێ دەکەم چیرۆکەکەم بلاَوبکەنەوە تا ببێتە پەند بۆ هەموو ئەو کچانەی کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەوڵی ناسینی گەنج دەدەن و بەدوای گاڵتەو خۆشی دەگەڕێن تا دەکەونە داوی گورگەکانەوە.

**چیرۆکی دووەم//**

## چیرۆکی تەوبەکردنی کچە کوردێك

سەرەتا سوپاستان دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم تا زۆر بە ڕاشکاوی باس لە گەڕانەوەم بکەم بۆ پەیامی ئیسلام بەڵێ من لە خێزانێکی موسڵمانم و ناسنامەکەم تیای نووسراوە(مسلمە)بەڵام ساڵانێکی کەمە بە حەق ئەم ئاینە دەناسم,من کچێکم تەمەنم 25ساڵەو دەرچووی زانکۆی سەلاحەدینم، ماوەی پێنج ساڵە خەریکی کاری ڕۆژنامەنووسیم ئێستاش لە دەزگایەك کاری وەرگێران و توێژینەوە دەکەم). دایکم و باوکم تاڕاددەیەکی زۆر خوێندەوارییان باش بوو بەحوکمی ئەوەش کە باوکم لە بەغدا کاری دەکرد کلتوورو ڕۆشنبیری و خوێندنەوەی عەرەبی زاڵ بوو بەسەر کەشی خێزانەکەم,جگە لە خۆم سێ خوشك و سێ برام هەبوو بەڵام ئیستا باوکم کۆچی دوایی کردووەو دوو خوشك و برایەکیشم لە ئێمە جیابوونەتەوەو خێزانیان پێکهێناوە واتە من حاڵی حازر لەگەڵ دایکم و خوشکێك ودووبرام ژیان بەسەردەبەم . حەزدەکەم سەرنجی خوێنەری بەڕێز بۆ خالێکی گرنگ ڕابکێشم ئەویش ئەوەیە کە ژیانی من هەر لە سەرەتاوە ئاسایی نەبوو چونکە زۆر حەزم لە ناوبانگ دەرکردن بوو..ئەو حەزەم زیاتر بوو لەدوای چەند ڕووداوێکی گرنگ لە تەمەنی منداڵیم بەتایبەت دوای ڕاپەڕین هەر بۆ نموونە (ساڵ 1993 بوو لە ئاهەنگێکی نەتەوەیی هۆڵی میدیا بۆ یەکەمجار لە ژیانم شیعرێکم ووت کە لە نووسینی دایکم بوو سەبارەت بەڕەوتی ئەوسای گەلی کورد کە تەواو بووم بوێرانە سەرم هەڵبڕی بینیم هەزاران دەست چەپڵەم بۆ لێدەدەن و هەزاران دەنگیش دەڵێن دووبارە....دووبارە)باوکم و دایکم هەمیشە هانیان دەدام و دەیانزانی حەز بەکاری نووسین و خوێندنەوە دەکەم.کاتێکیش باوکم کۆچی دوایی کرد ئەم حەزە لە ناخمدا گەورەتر بوو زۆر ڕێگەم تاقی دەکردەوە تاکو بتوانم لە ڕێگەیدا ناوبانگ دەربکەم بەم شێوەیە:

1. لە قۆناغی ناوەندی خەریکی نووسینی شیعرو وێنەکێشان بووم،لە شیعر شکستم هێنا بەڵام چەند جارێك لە قوتابخانە پیشانگای تایبەت بە تابلۆکانم کردەوەو دواین پیشانگام لە کۆلیژ کردەوە بە هاوبەشی چەند نیگارکێشێکی هاوڕێم لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی زانکۆ(محمد صدیق خۆشناو) کە تیایدا چەند وێنەو کاریکاتێرێکمان نمایش کرد و لەلایەن بەڕێزیانەوە خەڵات کراین.

2. لە قۆناغی ئامادەیی مامۆستای وەرزش بایەخێکی زۆری پێدام تا چەند چاڵاکیەکم ئەنجام داو چەند جارێك خەڵات کرام.

3. هەر لە قۆناغی ئامادەیی حەزکردن بە کارو خۆ دەرخستن هانی دام بچمە ڕیزی ڕێکخراوێکی سیکۆلاریستی و لەوێش لەبەر زۆری چاڵاکیەکانم و ماندووبوون و شەونخوونی بەردەوام توانیم ببمە نوێنەری پۆل و بەرپرسی قوتابخانەکەمان پاشانیش لە ساڵی 1999بووم بە کادیری حزبی .

4. لەگەڵ هاتنم بۆ کۆلیژ هەستم کرد ناوبانگەکەم لە دەستدا چونکە لە قۆناغی ئامادەیی بەڕێوەبەرو مامۆستاکان تەنانەت خەڵکی گەڕەکەکەشمان منیان دەناسی کەچی بینیم لە کۆلیژ کەشێکی نامۆ باڵی بە سەرداکێشاوم تەنانەت ئەو قوتابیانەی لەگەڵ خۆم وەرگیران لایان سەیر بوو کە من هەمیشە بە تەنها پیاسە دەکەم و جووڵەو ڕاکردنی جارانم نەماوە.

5.کچێکی هاوپۆلم کە زۆر لەمن بە تەمەنتر بوو لەگەڵ خزم و کەسانم لە ڕۆژنامە کاری دەکرد زۆر حەزم بە گفتوگۆ دەکرد لەگەڵی ئەویش بە هەمان شێوە،بەتایبەت کاتێ زانی من لە بنەماڵەی(..............)م کە ئێستا هەموویان بەرپرسی گەورەن و و پلەی باڵایان هەیە لە زانکۆو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکان،ئەوبوو هانی دام بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی و منیش بێ سێ و دوو قبولم کرد. بەمجۆرە یەکەم ڕۆژنامە کە بابەتم تیایدا بڵاو کردەوە ڕۆژنامەیەکی سکۆلاریزمی بوو..............پاشان چەندین کاری تری ڕۆژنامەم ئەنجامدا و بووم بە پەیامنێرو وەرگێر و چەندین توێژینەوەی کۆمەڵایەتیم بڵاوکردەوە لە زۆرترین ڕۆژنامە هاوکاریم کرد و لەگەڵ هاورێکانم هەڵسایین بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی ئازاد کە لەرێگەی چەند بەرپرسێك هاوکاری دەکرایین و ناوبانگی گەیشتە زۆربەی شارەکان و لە سلێمانی و کەرکووکیش بڵاو دەکرایەوە . ئەمانە هیچیان بە هانام نەهاتن کاتێ من دووچاری کارەساتێکی گەورەبووم لە ژیان دا ئەویش لە دەستدانی کورێ بوو کە بە قەد هەموو ژیانم خۆشم دەویست کورێك زیاتر لە چواردەساڵ چاوەڕوانم کرد تا ببێت بە هاوژینم واتە هەر لە منالییەوە چونکە خزمێکی نزیکم بوو هەر لە منالییەوە باوکی منی بۆ ئەو دانابوو یان باشتر وایە بڵێین باوکی بەهۆی بێ عەقلی خۆی(ئەگەرچی بەناو ڕۆشنبیریش بوو) دەیوت ئەمان هاوتەمەنن و پێویستە بۆ یەکتر بن بێ ئەوەی هەست بە کاردانەوەی خراپی قسەکانی بکات لەسەر ئێمە سوپاس بۆ خوا من پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کەسە نەبوو چونکە لە شارێکی تر دەژیاو زۆر کەم دەمبینی بەڵام وەك عیبادەت زیکرم بۆی دەکرد و تاسەرئێسقان خۆشم دەویست،ئەو بە چاوە پیسەکانی سەرنجی منی بۆخۆی ڕادەکێشاو هەر سەیرکردنێکی ئەویش لە لایەن من وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت تیرێکی ژەهراوی شەیتان بوو.لەدەستدانەکەش ئەوەبوو کە پێیان ووتم ئەو تۆی خۆش ناوێت بەڵکو لەگەڵ کچێکی هاوپۆل لە کۆلێژی خۆی پەیوەندی هەیە، ئەم هەواڵەم پێگەیشت کاتێ لە قۆناغی یەکەمی کۆلێژبووم و تازە دەستم بە کاری ڕۆژنامە کردبوو،ناخۆشترین ساڵ بوو لە ژیانم،لە لایەك ئەم هەواڵەو لە لایەکی تریشەوە خێزانەکەم لە ڕووی ماددییەوە دووچاری زەرەرو زیانێکی زۆر بووەوە هەمان ساڵ جەنگی عیراق و ئەمریکا دەستی پێکردو سەردەمی دیکتاتۆر کۆتایی پێهات. بە دوای شتێ دەگەڕام دڵمی پێ خۆشکەم بەڵام نەمدەدۆزییەوە،تا دەهات ناوبانگم زیاتر دەبوو تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان بۆ مێزگەردی تایبەت دەعوەتیان دەکردم کەچی من دوای هەرەسهێنانم لە خۆشەویستییەکی (یەکلایەنە...هەرزەکارئاسا...دووربەدووری...بێ مانا.....)وامدەزانی بەختەوەری ئیدی کۆتایی هاتووە،ژیانم زۆر لە مەترسی دابوو تا دەهات باری تەندروستیم بەرەو خراپە دەچوو ئامادەبووم هەموو ژیانم بفرۆشمە کەسێك بچێت و بەو کورە بڵێ کە من چەندین ساڵە بە نهێنی ئەوم خۆش ویستووە،ئەمەم لای مامۆستایەکی زانکۆ درکاندو ئەو ئامادەیی خۆی نیشاندا بچێتە شاری ئەو کورە،بەڵام ڕەتم کردەوە بەسەرهاتەکەم کردە چیرۆك و لە یەکێ لە گۆڤارەکان بڵاوم کردەوە،ئارامم نەما بوو بەردەوام ژیانم لەگەڵ گۆرانی بەسەردەبرد شەوانە لە دیار گۆرانییەکان فرمێسکم دەڕشت و بەدەم بیرکردنەوە خەوم لێ دەکەوت ،بیرکردنەوە لە کەسێك کە لە سڵاو کردن زیاتر هیچ قسەیەکم لەگەڵ نەکردبوو .سەرەتای گۆڕان : شەوێکیان لە خەوما بینیم قورئانم دەخوێند،خوێندنەوەیەك کە لە واقیع نەمدەزانی بەو شێوەیە بیخوێنمەوە چونکە تەجویدم نەدەزانی بەڵام لەخەوەکەم بە تەجویدێکی شیرین ئایەتەکانم لەبەر دەخوێندەوەو دایکم و خوشکێکم گوێیان بۆ شل کردبووم،بەیانی کەلە خەو هەڵسام بڕیاری باڵاپۆشیم(حیجاب) بە ماڵەوە ڕاگەیاند ئەوانیش بڕوایان نەدەکرد ئەگەرچی پێیان خۆش بوو بەڵام ڕادەدەی دڵڕەقی منیان دەزانی بەرامبەر بە جلوبەرگی داپۆشراو، جگە لەوەش من چەندین جاری تر خەونم بینی بوو کەچی هەر بەردەوام بووم لەسەرپێچی خواو نەکردنی نوێژوعیبادەت تەنانەت جارێکیان لەخەوما بینیم قیامەت هاتووەو دنیا یەك پارچە بۆتە تاریکی منیش لە سەرشەقام بە جلە ناشەرعییەکانم سوجدەم بردو دەمووت خوایە بەس ئەوجارە لێم خۆش بە ئیدی سەرپێچیت ناکەم کەلە خەو هەڵسام قسەی بێ باوەڕەکانم کەوتەوە یاد کە لە ڕۆژی دوایی هاوار دەکەن و دەڵێن خوایە بەس ئەوجارە کەرەتێکی تر بمان گەڕێنەوە سەر دنیا تا کاری چاك بکەین ئەم خەونەو چەندین خەونی ترم بەڕێکرد بەڵام دواجار لە دوای خەونی قورئان خوێندنەکە بڕیاری تەوبەیە کی دروستم داو هەوڵم دا هاوڕێی باش بۆ خۆم هەڵبژێرم وامدەزانی حیجاب جوانیەکان پەردەپۆش دەکا بەڵام ئێستا دەزانم نەخێر بەڵکو حیجاب عەیب ونەنگی و کەمو کورتییەکان دادەپۆشێت کەچی شەیتان ئەم عەیبە لای زۆرێك لە ئێمەی ئینسان جوان دەکات و دەیرازێنێتەوە لەبەر چاومان. ئێستا من وەکو جاران هەوڵ بۆ ناوبانگ دەرکردن نادەم چونکە ئەزموونی نووسەرو ئەکتەرو هونەرمەندە ناودارەکان دێنمە بەرچاوم دەبینم هیچیان لە ناوبانگ قازانجیان نەکردووە بۆ ڕووناککردنەوەی گۆڕی خۆیان بەڵکو هەرکارێکیان ئەنجامدابێت خوای گەورە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات کە ئایا تواناو ڕەنجی خۆیان لەچیدا بەکارخستووە(ثم لتسئلن یومئذ عن النعیم) (التکاثر- 8) بەڵێ بەڕاستی توانای گەنجی نیعمەتێکی گەورەیەو خوای گەورە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات لەسەر ئەم نیعمەتە جا سوپاس بۆ خوا کە من ئێستا هەموو ژیانم بۆ ئەوە تەرخان کردووە بانگەوازی گەنجان بکەم تا بە حەق پەیامی ئیسلام بناسن خۆشبەختانە ئێستا بەردەوام گەنجێکی زۆر لە هەردوو ڕەگەز(خوشکان و برایان) لە ڕێگەی ئیمەیل و تەلەفۆن کێشەکانیان بۆمن باس دەکەن و داوای چارەسەری گونجاو دەکەن بە حوکمی ئەوەی شارەزایی بەندە لە بواری دەروونی و کۆمەڵایەتییە....لە سایەی باڵاپۆشی و ناسینی حیکمەتەکانی خودا زۆر بەختەوەرم تەنانەت لەڕووی ماددیەوە خێزانەکەم دوای زەرەرو زیانێکی زۆر ئێستا زیاتر لە جاران لە خۆشگوزەرانی دەژین(ومن یتق الله یجعل له مخرجا و یرزقه من حیث لایحتسب ) لە بیریشمان نەچێ تەنها ئێش و ئازاری گەورە مرۆڤی گەورە دروست دەکاو خوداش لە هەموومان گەورەتروباڵاترە. (والسلام علی من اتبع الهدی) داوای دوعای خێرتان لێدەکەم .

**چیرۆکی سێیەم//**

**بەهۆی زۆر تەلەفون کردنی کوڕێك بۆ ئافرەتێك چی ڕووی دا**

زۆری پێ ناخۆش نەبوو کەوەڵامی ئەو گورگە واژووە بداتەوە، وە لەگەڵ زۆر تەلەفۆن کردنی قایلی پیشاندا ووتوێژو قسە کردن لە نێوانیان زۆر بوو و پەرەی سەند تا گورگەکە داوای دیدەنی لێ کرد وە ئەوەندە پێی

داگرت تا رازی بوو، بەڵام بەمەرجێك تەنها چاو پێکەوتنێکی پێنج خولەکی بێت و لەناو ئۆتۆمبێلدا بێت.
لەیەکەم چاو پێکەوتندا هیچ بەدرەوشتی یەکی بەرامبەری نەنواند، بۆیە کچەکە هەستی بە هێمنی و بێ ترسی کرد، چەندەها جار چاوپێکەوتنەکان دووبارە بوویەوە وە زۆر پێکەوە رۆشتنە دەرەوە، هەر کەباوکی یان شۆفێرەکە لە پێش دەروازەی زانکۆ دایدەبەزاند، چاوەروانی کورەکە دەبوو تادەهات و لەگەڵی دەرۆشت، وەپێش تەواوبوونی کاتی دەوامی زانکۆ دەگەرایەوە تا بروانەوە بۆ ماڵەوە . رۆژێك بردی بۆ ماڵێکی چۆڵ و ووتی ئەمە ماڵی خوشکمە وە ئێستا لەدەوامە، پاشان حەپێکی بێ هۆشی دەرخواردی دا، بۆیە بێ هۆشکەوت وەخەبەری نەهاتەوە تا تاڵانی کردو گرانترین شتی لێ دزی و پاش ئەوە بوو بەیاری دەستی بەئارەزووی خۆی گاڵتەی پێ دەکرد، چەندەها جاری تر کچەکە رازی بوو کاری داوێن پیسی لەگەڵی بکا بەتەماحی ئەوەی کە بەزەیی پێدا بێتەوەو مارەی بکا، بەڵام هەرگیز ئەوە روونادات پاش ئەوەی کەگەشت بەمەبەستی و پەردەی ئابروو و ناموسی کچەکەی داماڵی. پاشان وازی لێ هێناو بە جێی هێشت و ئیتر کچەکە چاوی پێی نەکەوتەوە، ئەوکات کچە گەوجەکە زانی کە پێی رابواردووە، بەڵام پاش چی؟ ئیتر زانینی بێ کەڵکە چونکە بەڵاو نەهامەتیە گەورەکە رووی داوەو شەرەف و ئابرووی لە دەست داوەو پاکێتی نەماوە.

چیرۆکی چوارەم//

**ئەوە بهێڵە بۆ رۆژی قیامەت**

**پیاوێك دەڵێت : شەیدای ئافرەتێکی گەرەك بووم کە لەماڵ دەهاتە دەرەوە شوێنی دەکەوتم ، وە ئەوەندە دوای کەوتم تا هەستی پێکردم ، جارێکیان لەکاتێکدا کە لە دوایەوە دەرۆیشتم لەپڕدا وەستاو لای کردەوە**

**ووتی : ئیشێکت هەیە بەمن؟**

**ووتم : بەڵێ**

**ووتی ئیشەکەت چییە ؟**

**ووتم خۆشەویستیت**

**ووتی : ئەوە بهێڵە بۆ رۆژی قیامەت**

**زۆر گریاندمی بەو ووشەیەو ئیتر هەرگیز دوای نەکەوتمەوە .**

**چەند جوانە شەرم و ئابڕوو ، داوێن پاکی و ناموس و ڕەوشت بەرزی . چەند جوانە ترسی پەروەردگارو چاودێری کردنی لە هەموو کارێکداو لە هەموو شوێنێکدا ، چەند جوانە غیرەت و توانای زاڵبوون بەسەر ئارەزووەکاندا ، بەڵێ ئەوە بهێڵە بۆ رۆژی قیامەت ، چەند بەبەهاو بەنرخە ئەو ئامۆژگارییە ، وە باشترین رێبازە بۆ ژیانی کچان و گەنجان کە بیکەن بە پێشەنگی خۆیان .**

**وە لە کۆتایدا داواکارم لە پەروەردگاری مەزن کە لە هەموو کەم و کورییەکمان ببورێت .**

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی ألە وصحبە وسلم

**ئا/ سەرکەوت جلال**

**پیاچونەوەی بەرێز**
**مامۆستا حەمزە بەرزنجی**

**بۆ هەر رەخنەو پێشنیارێك یان پرسیار کردن دەربارەی ئەم بابەتە پەیوەندی بکە بەم ئیمەیڵەوە**
**sarkawt1406@yahoo.com**
**www.vazhin.tk**